کوردستان... زیاتر لە 147 هەزار تەن گەنم لە سایلەکان وەرگیراوە

ئەمە سەشەمە، وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند، تاوەکو ئێستا 147 هەزار و 247 تەن گەنم لە سایلەکانی هەرێمی کوردستان وەرگیراون، ئاماژەی بەوەکرد پرۆسەی وەرگرتنی گەنمی جوتیاران بە وەرزی ئەمساڵ بەردەوامە.

وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێم، لە ڕاگەیەندراوەکدا بەاویکردەوە، پرۆسەی وەرگرتنی گەنمی جوتیاران بە وەرزی ئەمساڵ بەردەوامە و تا ئێستا لە هەولێر 38 هەزار و حەوت تەن گەنم وەرگیراوە.

ئاماژەی بەوەشکرد، لە سلێمانی 59 هەزارو 526 تەن گەنم وەرگیراوە و لە دهۆکیش 49 هەزار و 704 تەن گەنم وەرگیراوە کە کەی گشتی هەر سێ پارێزگاکەی هەرێم 147 تەنە.